**أسماء الله (٥) رووی یەکەم**

**بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**

(وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)(العصر ٣)، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

لە یەکەمین دەرسەکانی مانگی رەمەزان بە فورصەتی دەبینم کە رەجاء و دوعا لە باری تەعالا بکەم و بکەین کە بە ئەڵطاف و رەحمەتی خۆی لەسەرمان ببارێنی إن شاءالله ، وە مانگی رەمەزان وەکو چەنص فورصە کە باری تەعالا

لە بۆ ئەنبیاء و مورسەلینی دانایە بە نیسبەت دەواخیلیان داخیلی ئەنبیاء و مورسەلین، وە وەکو دەورە دەورەك نەوعی و زەمەنی بەنیسبەت جموعی مؤمینین، خودا وەمان لێ بکا ئەمەش لە مستەوایی ئەنبیاء و روسول ئیستیفادە لەو فورصەتە بکەین، وە بتانین ئا ئەو فورصەتە نەوعییە ئیغنا بکەین بەو نەوعییەتەی کە خوا پێی خۆشە، وە بەو کەمییەتەش کە پێی راضیە، مانگ هەمووی زەمەن هەمووی مەخلوقە، مەعلومتانە زەمەنمان مەربوطە بە حەرەکەی ئەرز بە دەوری خۆی و بە دەوری رۆژ، ئەمما رب العالمين خصوصیەتەکی نەوعی وەکو عەرزم کردن وەکو فورصەتەکی نەوعی لە بۆ ئەهلی ئیمان، لۆوەی فیعلەن لە حالەتی تەواجودیان لەو زەمەنە نەوعییە ئا ئەو تەصفیە داخیلە کە مەطلۆبە لە بۆ بەرز بوون لە بۆ مستەوای ئیرادەی خوای ئەوە ئیجاد بکرێ لە داخیلیان، ئەگەر خۆشیان ئیستیعدادی ئەوەیان نەبوو بە داخیلیان ئەو حالەتە دروست بکەن ئەمما رب العالمين دەفعیان بکا بە دەفع، بە فەرض، ئەو حالەتە لە ناو داخیلیان دروست بکرێ، فە ضرورەتە جموعی موئمینین لەو عەطائە رەبانیە ئیستیفادە بکەن.

پاشان مەفهومی رۆژی یاخود صەوم، وە بزانم مەوضوعەکە مەربوطە بە داخیلی ئینسان ئەوجە پاشان جەواریحی بە رۆژوو دەبی، ئەگەر هاتوو ئەو فورصەتە نەوعییە تەزامونی کرد، ئیستیغلال و ئیستیفادەی ئەو فورصەتە نەوعییە کە خودا دایتی بە جموعی موئمینین لە تەصفیدی شەیاطین، لە حیجز و سجنی شەیاطین، لە تەفتیحی فیطرەی بەشەریی، لە دابەزاندنی رەحمەتی موعەییەنی نەوعیی، ئیللا لەو زەمەنە دەکرێ، ئەوە هەمووی خاریجی بەشەرەکەیە، وە داخیلی ئینسانەکەش کە شەیاطین لە خاریج حیجز و سجن کران نەیان تانی بە واسطەی ئەجهیزەی خۆیان تەعامولی سلبی بکەن لەگەر داخیلی بەشەر، ئەگەر ئەوەیان پێ نەکرا ئیذەن فورصە داخیلیەکە لە ناو داخیلی بەشەر کرا ئیستیغلال بکرێ، فیعلەن ئا ئەو ئیرادە نەوعییە دروست دەبی، تەوظیفی خاریج کە خودا خۆی کردیتی، ئیعدادی کردییە، لەگەر ئیستیعداد لە داخیلی ئینسانەکە ئەگەر هات تەوافوقی بوو، فیعلەن ئینسان دەتانی لە ظەرفی ئا ئەو مانگەی ریضوان الله تەحصیل کا، لە ئەحادیثی بوخاری و موسلم لە ظەرفی بەس ئەو مانگە دەتانی ریضوان الله تەحصیل کا.

(رضوان الله)ش تەحصیل ناکرێ یاخود خودا (جل جلاله) ریضوانی خۆی ناداتە هەر ئینسانەك ئەگەر فیعلەن لائیقی ئەو ریضوانە نەبی، فە عەطائاتی رەبانی لە ئەڵطاف و رەحمەمات بە موناسەبەی ئەو مانگە موستەمیرە لە نزول، ئەمما وەکو پێشتر بەحسمان کردییە دەبی زەمینە هەبی ئەرضیە هەبی لە بۆ تەنزیل، فیعلەن ئیستیعاب بکا ئا ئەوئەڵطاف و رەحمەماتانە، باشترین جێش زەمینە و ئەرضیە لە بۆ ئیستیعابی ئەو ئەڵطافانە داخیلی قەلبی موئمینە، فیعلەن بتانی ئیستیغلالی بکا و تەوظیفی بکا، وە ئەو حالە نەوعییە لە داخیلی ئیجاد بکا و دروست بکا، لە (مستقبل قريب إن شاء الله) ریضوانەکە تەحصیل بکا، وە لە ضمنی خەریتەی ریضوانیش تەمشیەی ئمور و تەعبوداتی خۆی بکا هەتا مەوجودە لەسەر کورەی ئەرز، فە دوعا لە باری تەعالا دەکەین وە رەجاشمان هەیە لێی کە فیعلەن لەو مستەواییەمان ببینی کە ئەو فورصەتەی داینێ، وە دەفعیشمان بکا بە نەوع لە بۆ ئیجادی ئەو حالەتە لە داخیلمان، لۆوەی فیعلەن مەحروم نەبین لە بەرەکات و رەحمەماتی رەبانی لەو زەمەنە (إنه هو السميع المجيب).

دێینە سەر ماددەمان لە خزمەتتان حەفتەی پێشترێ بەحسی مەجموعە نوقاطمان کرد، ئەویش تەکمیلە بوو لە بۆ قەواعیدەك موعەییەن، کە دەبی لە ناو داخیلی ئینسان یاخود تەصەوری ئینسان یاخود روئیەی ئینسان لە بۆ ئەو ئەسمائانە لە کنی مەوجود بی، لۆوەی فیعلەن بتانی تەعامولی

صەحیح لەگەر أسماء الله الحسنى بكا یاخود أفعاله (جل جلاله)، بەحسی تەرتیبی نەوعیمان كرد لە طەرح طەرحی قورئانی، كە ئا ئەو طەرحە قورئانیە ئەوە خەریتەی صەحیح لە بۆ ئیجادی عیلاقەی صەحیح بەینی ئەو ذاتە كە دەیەوێ خەطەوات باوێ لە بۆ ناسینی خوای، یاخود معرفة الله، ئینجا تەرتیب گوتمان ئەو تەرتیبە لە بۆ ناسینی خوای، خودا (جل جلالە) خۆی تەحدیدی دەكا، خۆی تەشخیصی دەكا، دەبی ئەمە خۆمان وفقی خەریتە و تەشخیصی خوایی خوایی بناسین، وە ئا ئەو خەریتەیەش گوتمان لە تەرتیبی نزولی سووەڕی قورئان ذكر كرایە، باری تەعالا وفقی ئەو خەریتەیە خۆی بە رسول الله محمد ناساند، وە رسول الله محمد (صلی الله علیە وسلم) بووە جسرەك لە بۆ جموعی بەشەریتكە كە ئیمان بە رب العالمین بینن وفقی ئەو خەریتەیەی كە لەسەر ذاتی رسول الله دابەزیە، فە لۆیێ تەرتیبی وەرگرتنی أسماء الله الحسنى وأفعاله دەبی وفقی تەرتیبی یاخود نەوعی وەرگرتن و تەرتیبی وەرگرتنی پێغەمبەر بی (صلی الله علیە وسلم)، كە كو ئیمانی بە ذاتی رب العالمین دروست كرد، كە كو مەعریفەی لە ذاتی خوای لە بۆ پەیا بوو، ئەوە نوقطەی رەئیسی بوو.

نوقطەی دووەم: ئا ئەو حەجمە ئەو كەممییەتە لە ئەسمائی خوای جل جلالە كە ذكر كرایە، ئەویش بذاتیهی مەقصودە، مەقصودی خوایە، چونكی دەبی وفقی ئەو خەریتەیە بی كە پێشی قیچەك بەحسمان كرد، مەثەلەن ئیسمی فولانی ئی رب العالمین (جل جلالە) لە قورئان سەت جار هاتیە، ئەمما ئیسمیتكە یەك جار هاتیە، كە خەریتەكە بەو نەوعەی داینایە باری تعالى لە ئاسمان، وە بەو نەوعەش تەنزیلی كردتە سەر ذاتی رسول الله (صلی الله علیە وسلم)، زانیتی حاجەی بەشەریی وە مەشیئە و ئیرادەی بەشەریی لە داخیلی موقابیلی ئا ئەو تەرتیب و ئەو كەممییەشە، قیچەك كە متر خەلەل دروست دەكا، قیچەك زیاتر خەلەل دروست دەكا، ئیذەن رب العالمین بە تەرتیبی نزول چەند جار ئیسمی خۆی یاخود فعلی خۆی ذكر كردبی هەر دەبی ئا ئەوەندە كەممییە وەربگیرێ، وە نەوعییەتیش دەبی لە ضمنی ئا ئەو كەممییەتەی وەربگیرێ، وەكو حەفتەی پێشترێ لە خزمەتتان بەحسمان كرد كابرای نەخۆش كە دەچیتە لای طەبیب دكتۆر پاش تەشخیص كردنی نەخۆشییەكەی عیلاج دادەنێ، پێی دەلێ ئەوەندە حەبەی بخۆ، لەوەندە سەعاتەش بخۆ، ئەگەر هاتوو دختۆر نەزانی داخیلی بەدەنی ئینسانەكە لە ضمنی ئا ئەو كەممە حەبە، وە ضمنی ئا ئەو چەند سەعاتە قیممەی ئیستیفادە نەكا ئەو نەخۆشە ئەو زەمەنە و ئەو كەممییەی لە بۆ دانانێ، لۆیێ مەعلومتانە ئەوەی لێرە عیلاقەی بە صحە و طوب هەبی، ئەگەر هاتوو ئا ئەو زەمەنە كە دختۆر دایناوو كەمتر بكرێ یان زیاتر بكرێ ئەو دەرمانە ئەو ئیستیفادە ناكا كە فیعلەن لە ئیستیعمال كردنی زەمەنەكە ئیستیفادەی لێ دەكرد، یاخود كەممییەكەی كەم بكا یا زیاد بكا، ئەوە ئەگەر ئەو مەثەلە گەورەتر بكەین و لله المثل الأعلى، باری تعالى خۆی فیطرەی ئینسانی خەلق كردیە، وە خۆشی دەزانی ئەو فیطرەیە چەند ئیحتیاجی بە ئیسمی فولانییە، وە كەینێش ئیحتیاجی بە ئیسمی فولانییە، چەند وە كەینێ، یەعنی كەممییەو نەوعیش، كێ تەحدیدی ئەو حالەتەی دەكا؟ رب العالمین، لۆیێ بە تەرتیبی نزولی قورئان ئەگەر موتابەعەی أسماء الله وأفعاله بكەین، تەمەشا دەكەین فیعلەن ئیطاری عام لە بۆ ئەسماء و ئەفعالی خوای جل جلاله خەریتەك موعەییەن مەرسومی هەیە، وە فیعلەن لە حالی ئەساسی دەست پێ دەكا سەبر سەبر لە بۆ ئەو ئەبعادانەی كە بەرزترە، لە نزیكترین دائیرە ضەییقترین دائیرە بەنیسبەت ذاتی ئینسان كە دەیەوێ ببتە موئمین، وە عیلاقە دروست كا لەگەر ذاتی رب العالمین، لە ضەیق ترین دائیرە لەگەری دەست پێ دەكا كە خۆیتی، پاشان لە ئەوسەعترین مەجال ئوفوقی چاوی چەند بڕوا یان چەند تەصەوڕی بڕوا بە ئیحساس بە فیكر بە تەصەوڕ لەوەوە لەگەری دەست پێ دەكا، ئەوە دەكاتە ئەرضیە زەمینە لە بۆ وەی فیعلەن ئەصلەن لەگەر باری تەعالا وفقی ئا ئەو حالەتە عیلاقە دروست بكا ئەو ذاتە، كە ئێستا سەبر سەبر دێینە سەری.

نوقطەی سێیەم:

كە پێمان موهیم بوو وتمان رب العالمین قورئانی بە لیسانی عەرەب دایبەزاندیە، لیسانی عەرەبیش غەیری لوغەی عەرەبە، لوغەی عەرەب ئا ئەوەی كە ئێستا لە تەلەفیزیۆن و لە ئەخبار و لە جەرائید دەیبینین، ئەوە لوغەی عەرەبە، فۆنەتیكەكەیە صەوتەكەیە، ئەمما لیسانی عەرەب گوتمان كوللی تەعابیری بەشەری، ئەحاسیسەك كە بە دەم و چاو بكرێ تەعبیر كردنی، بە دەست

بكرێ تەعبير كردنی، بە ئيشارەت بكرێ تەعبير كردنی، لەگەر جوملەك تاريخ و توراثی ئائەو شعوب و ئوممەتە هەمووی جەمعكە ليسانی لێ دەردەچی، وەكو گوتمان زۆر جار ئينسان بە كەليمەی نەء شەرت نيە بە زمان تەعبير بكا (دەستی ئەوها لێ دەكا)، نەفسی ئەو دەست وەلێ كردنە كە تەعبيرە لە بۆ كەليمەی نەء نەخێر لە ناو شعوب ئەو حالەتە مەوجودە، وەكو گوتمان لە ناو فورس ئەگەر بلێ نەء بە دەست ئەوها لێ ناكا، بەس بە برۆی چاوی برند دەكا، كابرای لاڵيش دەزانی ئەوە فيعلەن ئا ئەو ئيشارەتە، ئەو حەرەكەی چاوە برۆييە دەليلی ئەوەيە كە كابرا دەيەوێ بەبێ زمان تەعبير بكا لە بۆ كەليمەی نەء، زۆر جار گوتمان دەرسی پێشتر، تەعابير موحتەمەلە بە زمان نەكرێ و بە برۆ نەكرێ بە حالەتی فيعلی بكرێ، ئينسان تەعبير لە ئەلەم و حوزنی خۆی دەكا، خەم و خەفەتی خۆی داخيلی خۆی تەعبير دەكا بە فرمێسك، كە فرمێسكت رژاند ئا ئەو فرمێسك رژاندنە ليسانە، لوغە نيە، كوللی ئەوە جەمع دەكرێ دەبێتە ليسانی ئا ئەو ئوممەتە، رب العالمين قورئانی بە ليسانی عەرەب دابەزانديە نەك بە لوغەی عەرەب، لۆيێ بە تەصەوڕی خۆم جائيز نيە ئەمە بلێين قورئان عەرەبيە، كە گوتمان عەرەبيە، تەوظيفی كەين، قورئان تەسخير كەين لە بۆ لوغەی عەرەبی، بينين قەواعيدی نەحوی عەرەبی لەسەر تەطبيق بكەين، مەثەلەن ماضي و مضارع و أمر، قورئان ماضي و مضارع و أمر ی تێدايە، ماضی و حاضرو موستەقبەلی تێدايە، عيلمەن ئەوە تەصەوڕی بەشەرە لەوجود لەسەر كورەی ئەرز، ناكرێ ئەمە بينين قورئانی ليسانی عەرەبی كە (كلام الله)ە بەناو لەولەبی نەحوی عەرەبی دابيەين لۆوەی تەفەهوم بكەين، ئا ئەوە خەلەلەك زۆر دروست دەكا لە صيغەی تەعامول لەگەر قورئان، وە (رب العالمين)يش لە قورئان كە بەحسی قوڕئانی كردبی بە عەرەبی فەرموويتی ليسان، نەی فەرمووە لوغە، ئا ئەوە فاريقە بەينی لوغە و ليسان، ئەمە كە دێين تەعامول دەكەين لەگەر أسماءالله وأفعاله جل جلاله) تەعامول دەكەين بە ليسانی عەرەب نەك بە لوغەی عەرەبی، لوغەی عەرەبی جوزئەكە لە ناو ليسانەكەی وەكو تازە لە خزمەتتان بەحسمان كرد.

چارەمينيش: گوتمان روئيەی شمولی لە بۆ مەوضوع لە بۆ أسماء الله وأفعالە، تەجزيئەی أسماءالله وأفعاله ناكەين، وەكو مەثەلەن مەجاميعی فيكری ئيسلامی قەديمەن هەر لە خەواريجەوە پاشی پێغەمبەر (صلی الله عليه وسلم) دەستيان پێ كرديە هەتا لايەزال ئێستا لە ئەصڵی أسماءالله وأفعاله ئيشكاليان لۆ دروست بووە، كەينێ هاتين ئەمەش تەجزيئەی ئەو حالەتەمان كرد، وەكو مەثەلەن أسماءالله حەفت ئيسمە ئەوە مەعلومە و لايەزال تەدريس دەكرێ، ئەو حەفت ئيسمە ئەساسيە ما تەبەققا ثانەويە دەبی لەسەر وەی بينا بكرێ، ئەو تەصەوڕە كما يسمونه بالمذهب الفولاني ئەو تەصەوڕە حالەتەك نەوعی لە داخيلی ئينسانەكەی دروست دەكا، ئەو حالە نەوعييە رەكاتی لە واقيعی حالی ئا ئەو ذەواتانە كەشف دەبی، مەعلومتانە ئەنبياء و روسول موقەدەسترين ئيشيان ئەوە بووە خودا بە حەقيقەت بناسينن بە بەشەر، ئەوە ئيشيان بووە، هەر وەقتەك خوا بە حەقيقەت بە بەبەشەر نەناسرايە، بەشەر نەيتانيە حەقيقەتەن ئيرادەی خوای ئەدا بكا لە وجود، ئيذەن خەلەل لە مەفهومی تەعەبودی دروست بووە، عيبادەتی خوای كردييە ئەمما بە تەجزيئە، جوزئەك لە عيباداتی خوای عيباداتيتكەشی لەگەر عيبادەتی خۆی تێكەر كرديە، لۆيێ هەر چەند رەسولەك ياخود نەبييەك هاتبی، ديسان موحاوەلەی ئەوەی كرديە ذهنی ئەو ذاتە ئەو بەشەرە تەصفيە بكا، لەوەی كە خودا جل جلالە ئا ئەو ئەسماء و ئەفعاليتی، وە ئەوەی ئەو ذاتە دايتيە پاڵ غەيری خودا جل جلالە كە حەقی خوايە ئەو رەسولە ئەو نەبييە هاتيە ئا ئەوەشی تەصفيە كرديە لە داخيلی ئينسانەكەی، لۆوەی كە ئەثنايی تەعەبود دەكا تەعەبودەكەی صاف لە بۆ خوايی بی جل جلالە، ئا ئەوە مەفهومی تەوحيد بووە هەر لە ئادەمەوە هەتا خاتەم محمد (صلی الله عليه وسلم)، لۆيێ روئيەی شمولی لە بۆ أسماء و الله وأفعاله) ئەصلەكە لە مەوضوع، كەينێ ئەوە تەجزيئە كرا لەئەثنای ئەخذ معرفة الله كە دەيەوێ دروست ببی لە داخيلی ذاتەكەی لەگەر ذاتی رب العالمين بە تەقصيردا دەڕوا، بە تەجزيئە دا دەڕوا، كە بە تەجزيئە دارۆيشت ئەو كابرايە كە عيلاقەی دەوێ لەگەر ذاتی رب العالمين دروست كا، بە خەلەل درو ست بووە خەلەلەكەی تەحويل دەكا لە بۆ واقيع لە ئەثنای عەمەل، عەمەلەكەی بەو نەوعە صاليحيەی نابی كە خوا دەيەوێ، لۆيێ بە كوللی ئەسەفەوە دەلێين جموعی موسڵمانان ئەعماليان دەليلە لۆوەی فيعلەن تەصەوری ياخود فەهمی صەحيح لە أسماء الله وأفعالە ئەصڵەن دروست نەبووە وفقی

ئیرادەی خوای، ئەگەر بهاتبا ئەو موقەددەسە ئەو قەضییە موقەددەسە وفقی ئیرادەی خوای کە ئەنبیاء و روسول هینایتیان و تەقدیمی بەشەریەتیان کردیە، ئا ئەوە تەفەهوم بکرابایە، قەناعەتتان هەبی مەعصیەك، فەحشەك، مونکەرەك، عصیانەك، لەسەر کورەی ئەرز نەدەبوو، ئەوەی دەبوو فەقەط ذەنب بوو ئەو دەما، چونکی ئەو ذەواتانە دەگەیشتنە ئەو مستەوایە، وەکو پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم)، وەکو جەمعی صەحابەی کیرام کە ئەوەی خۆی دروستیانی کرد، خۆی موشریف بوو لەسەر بینائیان، ذەواتی ئەوها دروست دەبی لەسەر وجود، ئەمما هەتا ئەو علاقەیە بەو شمولیەتە، بەو نەوعەش، بەو حەجمەش، بەو تەرتیبەش دروست نەبی ئەو خەلەلە فیعلەن لە ظاهیری ئەعمالی ئا ئەو ذەواتانە زۆر بەعەیان مەکشوفە، وە دەتانی ئینسان زۆر بە واضحی تەشخیص بکا و تەحدیدی بکا، ئەو هەموو چار علاقەیە چار نوقطەیە لە خزمەتتان حەفتەی پێشتری بەحسمان کرد ئەوە تیکرار بوو، نوقتەکیتکەی لەسەر ئیضافە دەکەم ئەویش مەقصودمان لەو هەموو دروسانە؟ لێم پرسیار کرایە ئەوە جوابیتی: مەقصودمان لەو هەموو دروسانە وەکو عیلمی عەقائید کە ئەورۆ مەوجودە لە ناو کوتوب، وەکو عیلمی کەلام کە قەدیمەن مەوجود بوو، کأنە دەیانەوێ بەحسی أسماء الله و ئەفعالی خوای بکەن ئەوە مەقصودمان نیە، کو؟ مەقصودمان ئەوە نیە والعیاذ بالله خوا دابەزینینە ناو موختەبەر وە موقایەساتی لوغەی عەرەبی لەسەر بکەین، بەس لە بۆ تەشخیصی ذاتی رب العالمین، ئیشمان هەر ئەوەندە بی و ئینسیحاب بکەین، (سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ)(الصافات ١٥٩)باری تەعالا جل جلالە ئەوەی لەمە طەڵەب کردیە لە مەنطوقی ئایەت (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا)(الأعراف ١٨٠) ئەوەی ئەمە هەتا ئێستا کردیتمان (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) راوەستاینە، چووینە بحوسمان کردیە لەسەر أسماء الله فەقەط، کەلیمەی رەزاق لوغەتەن ئەوە مەعنایتی، (إصطلاحا) ئەوە مەعنایتی، باری تەعالا ئەوها رەزاقە و تەواو ئینتەها، یا (وجاء ربك)، ئەوە بەو سیفەتەیە، بەو حالەتەیە، بەو حەرەکە و بەو نەشاطەیە هەر ئەوەندە، نەهاتینە ئەمە بلێین بەلێ باری تەعالا رەزاقە، ئەمما بەمن علاقەی ئەو رەزاقییەتە لەگەر من چیە؟ کو ئەمن ئیمان بەو رەزاقییەتەی بینم؟ کە ئەوە مەطلوب بووە لە ئەنبیاء طەرحی کەن لە بۆ بەشەریەت، وفقی ئەوجە ئەو قەناعەتەی کە ئەصڵەن دەبی لای ذەواتەکان بەشەرەکان مەوجود بی، وفقی رەزاقییەتی حەقیقی خوای تەعەبودی خوای بکەن بە مەفهومی رەزاقییەت، ئەگەر ئەو حالەتە لە ناو داخیلی ئینسان مەوجود بوو، ئەو وەختی جوملەك سلبیات کە شەیاطین لە داخیلی ذات ئینسانەکە دروست دەکا، لە غەش مەثەلەن، لە حیلە، لە غەدر، لە درۆ، لە حلف سوند خواردن لەسەر مادده لە ئەثنای کرین و فرۆشتن ئەوانە هیچێەك نامینێ، چونکی قەناعەتی یاخود ئیمانی بە مەفهومی رەزاقیەتی خوای لە داخیل دروست کردیە، ئا ئەوە مەقسودمانە لەو هەموو دروسانە، موحتەمەلە تەغایورەك فەرقەك هەبی بەینی کوتوبی عەقائید وە کوتوبی عیلمی کەلام لەگەر ئەو ماددانەی کە لێرە لە خزمەتتان طەرح دەکرێ، ئەوان ئەگەر باسی خوایان کردبی وفقی أسماء و أفعالی خوای یاخود صیفاتی خوای کە ناویان لێ نایە هەر لە ذاتی رب العالمین ماینە، (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى)، ئەمما ئەمە لێرە (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا) عیبادەتی پێ دەکەین ئەمە بەو ئەسمائانە، ئیذەن ئەوەندەی ئەمە لێی وەردەگرین لەو ئەسمائانە لە بۆ مەفهومی عیبادەتە فەقەط، نەك لە بۆ مەفهومی تەثقیفە، ثەقافەتمان لە أسماء الله زیاد ببی، مەعریفەمان لە أسماء الله زیاد ببی، یاخود وەعیمان لە أسماء الله زیاد ببی، نەخێر ئەوە مەقصودمان نیە لێرە، مەقصودی ئەساسیمان ئەوەیە کە فیعلەن خوامان ناسی وفقی ئەسماء و ئەفعالی(جل جلالە)، ئەوجە کو ئەمە تەعامول دەکەین لەگەر ذاتی رب العالمین بە مەفهومی فادعوه بها، کە عیبادەتە، ئا ئەوەشە (وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ)(فصلت٤٠) ئا ئەو دەرچوونەیە ئا ئەو ئینحرافەیە کە فیعلەن نەك خوانەکە کابرا ئیمانی پێنیە، ئیننەمما ئەصڵەن ئیمانی پێی هەیە ئەمما لادەدا لە صیغەی علاقەی صەحیح دروست کردن لەگەر ذاتی رب العالمین، موشکیلەی بەشەریەتیش هەتا ئێستا ئەوە بووە هەر لە ئادەمەوە هەتا ئەو زەمانەش، کەینێ معرفة الله وفقی خەریتەی خواو حەجمی دانانی خواو بە تەرتیبی ئیرادەی خوای نەبی و بەو شمولیەتەی نەبووبی و لە بۆ مەفهومی تەعەبود نەبووبی خەلەل دروست بووە لە ناو داخیلی ئینسانەکە، لۆیێ ئەعمالیشی بە خەلەل نەتائیجی هاتیە.

دەچینە ناو مەوضوع، بچینە خزمەت قورئان کە دەلیلی وەحیدە لە بۆ عیلاقە دروست کردن لە بۆ ذاتی رب العالمین بە عەمودیی، وە لە سورەتی عەلەق بالذات، چونکی یەکەمین مەصدەر بوو، یەکەمین موفتاح بوو، عن طریقیهی بەشەریەت خوای بناسی سەر لە نوێ، وە نموذەجی ئەو بەشەریەتە (المؤمن الاول أو الإنسان الاول الذي آمن بالله وبإرادة الله) (محمد)ە (صلى الله عليه وسلم)، بە سورەتی عەلەق ئیمانی لە بۆ دروست بوو، وە بە سورەتی عەلەقیش خوایی ناسی، وە وفقی سورەتی عەلەقیش (معرفة الله)ی لە بۆ دروست بوو، لۆیێ ئەگەر سورەتی عەلەق بکەینە میعیار لەوێوە دەست پێ بکەین لە بۆ ناسینی خوای، لە بۆوەی ئەو تەرتیبانەی کە تازە بەحسمان کرد هەموو بێتە وجود، یەکەمین ئیسم کە دێتە پێش خالیقە، بەحسی (رب)مان کرد لە دەرسی سابیق(اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق ١)،(خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ)(العلق ٢) ئەو خەلقە فیعل بچینە سەر تەسمیە کە دەبێتە خالیق، کە ئینسان ئەصڵەن لێی طەڵەب کرایە إقرأ، قیرائەی مەخلوقاتی کرد، خالیقی لە داخیل خالیقی دەناسی، لۆ چونکی ئەصڵەن لە دروسی سابیق صیغەی کەیفیەی دروست کردنی ئیمان بەحسمان کردیە فیطرەی بەشەر وەکو کاسێتەکە کاسێتی تەسجیل، ئەو کاسێتە (معرفة الله)ی تێدا طەبع بووە، کاسێت (معرفة الله)ی تێدا طەبع بووە وە لە ناو داخیلیشمان داندرایە، ئەمما شەیاطین هاتینە غربە غربیان لە دەوری دروست کردیە، شەیاطینی ئینس و جن مەوقیفی ذاتی رەسولەکە یا نەبییەکە ئەوەیە کە بێ ئەو غربە غربەی ئیزاحە بکا فەقەط، ئەو غربە غربە کو ئیزاحە دەبی؟ ئەو تەشویشە ئەو ضەوضائە کو ئیزاحە دەبی؟ بە تیلاوە، لۆیە هەموو قورئان بەحسی تیلاوەی ئایاتی خوایە، بەنیسبەت ئەنبیاء و روسول هەر هەموویان کۆمپلیت لە سورەتی بەقەرەوە هەتا سورەتی ناس ئیشیان ئەوەندەیە (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ)(الجمعة٢)، ذاتی رەسول شەخصی رەسول تیلاوە دەکا فەقەط، تیلاوەی ئایاتی خوایی، دەست پێ دەکا بە تیلاوەی ئایاتی خوای مەخلوقە کە خەلقە، لە پێش چاوی ذاتەکە یان لە تەصەوری ذاتەکە مەوجودە مەخلوق، کە تازە پێشتری گوتمان قەریبترین دائیرەیە لە ذاتی ئینسان، کە خۆشی مەخلوقە، وە هەرچی چاوی کەتە سەری هەرچی بە گێی گێی لێ بوو مەخلوقە، وفقی ئا ئەو حالەتە قیرائەی کرد بە تیلاوەی رەسولەکە یاخود نەبییەکە خالیقی دەناسی، ئەصڵەن کە تەماشای فیطرەی بەشەرەکەش بکەین لە داخیلی تەمەشا دەکەی یەکەمین ناو یەکەمین ئیسم کە ئەصڵەن دەبی بە واسطەی ئەو ئیسمەی عیلاقە لەگەر ذاتی رب العالمین دروست کا ئیسمی خالیقە، ماددەتەن عیلاقەی هەیە لەگەر مەخلوقات، کە فیعلەن کەلیمەی خالیق مومارەسە کرا لە داخیل، وە ذاتەکە عەن طەریقی مەخلوقاتی قیرائەی مەخلوقاتی خالیق کە (إسم من أسماء الله الحسنى) لە ناو داخیلی دروست بوو، ئەو وەختی فیعلەن مەعریفەی بەرامبەر خالیق وە عەکسیش بکا عەمودی لە بۆ مەخلوقات ئا ئەو حالەتە دروست دەبی، زۆر جار لە دروسی صیغەی دروست کردنی ئیمان، یاخود صیغەی چۆنیەتی ئیعادەی ئیمان لە داخیلی ذاتی ئینسان بەحسمان کردیە، قیرائەی مەخلوقات، ئەمما کەینێ قیرائە کرا کە مەخلوقە ئا ئەو غەبەشە ئەو غەبابیەتە لە پێش چاوی ئینسانەکە ئیزاحە دەبی، مەثەلەن یامە ئەمە رۆژمان دیتیە، رۆژ هەر دێو ئاوا دەبی، هەر دێو ئاوا دەبی، ئەمما زۆر نادیرە رۆژ جەلبی نەضەری کردبین، کذلك مانگ، بە مەلایین جار مانگمان دیتیە، وە ئەوەی لە ذهنمان داندرایە مانگ ئەوە حەجمیتی، ئەوەندە چەند ملیۆن کیلۆمەترە لەمە دوورە، جاذبیەتی مانگ لەسەر کورەی ئەرز ئەوەندەیە، ئیستیفادەی ئینسان لە مانگ مەدوجەزر دروست دەکا، بەشەو رووناك دەکا ئەوە هەمووی مەعلوماتەکی کوفریە، چونکی تەجزیئە کرایە، ئا ئەوە لە مێشکی مە داندرایە، ئەمما نەهاتیە کابرای موقەدیم بەمە برێ فیعلەن ئەو مانگە ئەصڵەن مەخلوقە، وەعیلاقەی ئەو مانگەی لەگەر کورەی ئەرض بە طەریقی تەعەبودە، عیلاقەکی عوبودیەتیان هەیە پێکەوە، پێکەوە مەربوطن، وە هەرچی ماددییەن ئەو مانگە ئینتاج دەکا لە بۆ بەشەریەت وە لە بۆ کورەی ئەرز هەمووی عوبودیەتە دەیکا، وە تەفاهومەك تەناغومەك نەوعی هەیە بەینی مانگ و بەینی کورەی ئەرز، کذلك بەینی کورەی ئەرز و بەینی رۆژ، ئەو ئیستیفادە نەوعییە بەس ماددیی نیە، ئەو ئیستیفادە نەوعییە لە ئەثنایی تەحویلی مەفهومی عبودیەتی مانگ و رۆژە کە فیعلەن ماددییەن ئەمە دەبیبنین، ماددەتەن لەمسی دەکەین ئیحساسی پێ دەکەین، قیرائە لە بۆ مەخلوقات مەخلوقات ئەو حالەتە دروست دەکا، کە ئەو حالەتەی دروست کرد خالیق دەناسرێ، ئەوجە مومارەسەی

ئیسمی خالقیەتی باری تەعالا لە داخیلی ئینسان ئیمان بەو ئیسمە دروست دەکرێ، کە یێ ئەو حالەتە دروست بوو لە داخیلی ئینسان کە رب العالمین خالیقە، فیعلەن ئا ئەو تەکبیر و تەصغیری مەخلوقات لە پێش چاوی لادەچی، وەکو چەند جارەك تیکرارمان کردیە ئینسان لە طەواغیت دەترسێ، کەینێ ئیحساسی بەوەی کرد ئەو طاغوتە مەخلوقە، وە بەرامبەر قودرەتی خالیق قەزمەیە زۆر تافیهە، وە ئەو خالیقە دەتانی تەئدیبی ئەو طاغوتەی بکا بە بەسیطترین مەخلوقاتی، ئەو وەختی فیعلەن مومارەسەی ئەو حالەتە لە داخیلی ئینسان کە خودا خالیقە و ئەوە مەخلوقە، وە مەخلوقیەتی وەی ئەثەری لەسەر ذات لەسەر کابرای موئمین مەحدودە، ئەو وەختی فیعلەن ئەو حالەتە دروست دەبی بەرامبەر ئەو طاغوتە کە ئیمانییەن مەطلوبە، ئیذەن ئیسمی حەقیقی خوای کە خالیقە لە ئەثنای مومارەسە کردن حالەتەك لە داخیلی ئینسانەکەی دروست دەکا، ئەو حالەتە ئیمانییە مەطڵوبە، دیسان صەرفی دەکا لە بۆ ذاتی خالیق جل جلالە، ئەوجە قودرەت و عەظەمەتی ئەو خالیقەی ئیحساس پێ دەکا کە فیعلەن خالیقە، ئەو نەوعە مومارەسەیە بە تیکرار بە ئیعادە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کردیتی لە ظەرفی ساڵەك، وە جەمعی صەحابەی کیرام کردیتیان لە ظەرفی ساڵەك بە دەلیلی سورەتی موزەمیل، فیعلەن عیلاقەی صەحیح بەینی خالیق و مەخلوق دروست بووە، وە ئەو عیلاقە ئوفوقی ئاسۆیی کە دروست بووە بەینی خالیق و مەخلوق ئا ئەو مەخلوقە کە عەبد بووە کە (رسول الله)ە وە کە جەمعی صەحابە تانیتیان ئاسۆیی ئوفوقی تەقدیمیشی کەن لە بۆ غەیری خۆیان خاریجی خۆیان کە مەخلوقاتیتکەنە، ئەوجە مەخلوقەکان جەماد بووبن بەرد، نەبات بووبن خورما، زەیتون بەمیثال دەینم، یاخود حەیوان بووبن ئەوە پشیلەیە ئەوە تەیرە، یاخود ئینسان بووبن ئەوە موئمینە یاخود ئەوە کافرە، بەرامبەر وانە هەمووی میعیاری حەقی لە بۆ دروست بووە بەواسطەی قیرائەی صیفەی مەخلوقییەت، کە فیعلەن خالیق خەلقی هەیە، وە ئەوەی مەوجودە لە موقابیل مەخلوقە، مومارەسەی ئەو حالەتە ئەو ئیسمە لە داخیلی ئینسان ئا ئەو حالەتە عەمودییەن لە ناو داخیلی ئینسان دروست دەکا، وە فیعلەن حالەك نەوعییە ناتانم ئەمن صەراحەتەن بە موجەسەمی لۆتان نەقل کەم موجەررەد شەفەهییەن، ئەمما إن شاءالله ئەوەی مومارەسەی بکا بە عەمەل ئەو وەختی ئیحساس دەکا خالیقیەتی باری تەعالا بەنیسبەت ئەمەی جەمعی شەبابی صەحوە غەدری لێ کرایە، فیعلەن لە خالیقییەتی خوای سەحب کرایە، مەثەلەن کابرا فولان موختەریع صانیعە، ئەوە صونعە کرایە ئەوە خەلق نیە، ئەمما لەبەرئەوەی تەراودی ذهنمان کوفریش بەلادەت دروست کردنی لە مێشکمان، حاشاك گێلیەك دروست کردن لە مێشکمان بەرامبەر صونع و بەرامبەر خەلق دروست کرایە لە مێشکمان، ئێستا فەصل ناکەین بەینی صونع و بەینی خەلق، یاخود صونعەکە زۆر پێمان موهیم ترە لە خەلقەکەش، زۆر جار مەثەلەن ئیبتیکارات دروست دەکرێ کابرای موختەریع کابرای موکتەشیف صانیع شت دروست دەکا زۆر پێمان عەجیبە زۆر پێمان موهیمە، عیلمەن موحتەمەلە ئەو ذاتە ئەگەر تەمەشای چیایەك بکا ئیبداعی باری تەعالا لە بۆ ئەو چیایەی! تەصویری باری تەعالا لە بۆ ئەو چیایەی! لەون کردنی رەنگ کردنی باری تەعالا لە بۆ ئەو چیایەی لەو صونعەتەی زۆر زۆر گەورەترو عەجیب ترو عەظیم ترە، ئەمما لەبەر ئەوەی مومارەسەی خالیقیەتی خوای جل جلالە لە داخیلی خۆی نەکردبی ئیحساس بە خالیقییەتی خوای ناکا، ئا ئەو شتە گچکانە ئەو بەسیطانە ئەو شتە سەطحیانە پێی موهیمە، مەثەلەن ئەوە [ مەبەستی مامۆستا لە وشەی (ئەوە) ئەو مایکەیە کە لە پێشی دانرایە] ئیستیعاب دەکا ئەوە[ مەبەستی مامۆستا لە وشەی (ئەوە) ئەو مایکەیە کە لە پێشی دانرایە] نەقل دەکا صەوت، عیلمەن گێی ئینسانیش صەوت نقل دەکا، گێی ئینسان کە مەخلوقە لەوەی زۆر عەجیب ترو نایابترە، نایێ قیرائەی گێی ئینسان بکا ئەمما دێ ئیعجاب و ئینبیهار بە سەماعە لە بۆی دروست دەبی، سەبەبەکە چی یە؟ ئا ئەو حاشاکی گێلاتیەی کە لە بۆمان دروست کرایە، بە مومارەسە کردنی یەومی، ئا ئەو مەخلوقە عەجیبانە هەمووی لە پێش چاومان سەحب بووە، لۆیێ رب العالمین سەلبی جەلبی چاوی ئینسان دەکا (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ)(عبس ٢٤) با ئینسان تەمەشا بکا، (أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ) (الغاشية ١٧)، إلی الجمل، إلی السماء، إلی الجبال، إلی الأرض، لۆوەی فیعلەن ئەو خالیقە عەظیمە حەقیقەتەن لە داخیلی ئینسان کە ئیسمی موقەدەس دروست ببی.

لە لوغەی عەرەبی و لە لیسانی عەرەبی کذلك مەجموعە تەعابیر داندرایە، لە بۆ ئیضافەو تەکمیلەی مەوضوع لە بۆتان دەخینم، کە کەلیمەی خەلق بە چەند مەعانییەك هاتیە:
- یەك لەوانە تقدیر الشيء، یەعنی کە دەلێین باری تەعالا خالیقە ئەوە مەعنایەکیتی ئەصڵەن شتەکەی تەقدیر کردیە، مەخسەدمان لە کەلیمەی تەقدیر چییە؟ بیلا تەشبیە مەثەل بینین مەثەلی حەفتەی پێشترێ، برادەرەك دەیەوێ خانی دروست بکا، پارچە عاردی هەیە، ئەمما ئەگەر بێتوو بیەوێ رێك وپێك خانیەکەی دەربچی، وە ئیستیفادەی لێ بکا بە زستان و بە هاوین رۆژ لە کێ دەردەچی هەوای پیس لە کێ دەروا، ئا ئەو عیلمە یاخود ئەو مەعاریفە هەندەسیانەی کە ئەورۆ مەوجودە ئیستیفادەی لەو هەمووەی بکا دەچێتە کن باشترین موهەندیس، پارچە عاردەکەی نیشان دەدا دەلێ ئەوە عاردەکەیە و دەشمەوێ خریطەك دابنێی، کابرای موهەندیسیش تەمەشای عاردەکەی دەکا لە مێشکی مەجموعە خطوطەك دروست دەکا لەسەر عاردەکەی، پاشان بینایەکە وفقی ئا ئەو خطوطانە وفقی ئا ئەو خەتانەی کە دروستی دەکا لە مێشکی لەسەر عاردەکەی دینێتە پێش چاوی خۆی، فیعلەن ئەگەر هاتوو پەنجەرە کەتە فلان جێی، دەرکە کەتە فلان جێی، سەقفەکە بەو نەوعەی بوو، ئەوە باشترین و موجەسەمترین، رێکترین، جوانترین خانی لە بۆ ئەو کابرایەی دروست دەکا ئەو موهەندیسە، بەس ئەو تەصویرە ئەو تەفکیرە تەقدیرە، ئەوە مەفهومی کەلیمەی تەقدیرە، کە جوزئەکە لە مەعنای کلیمەی خەلق، ئەو تەصەورە ئەو تەفکیرە پێشی ئەوەی مەوضوعەکە بێتە سەر واقیع ئەوە تەقدیرە، مثلەن کابرای موهەندیس دەبی بزانی عاردەکە چەند مەتر مورەبەعە، پاشان ئایا قیناجە سێ گۆشەیە چارگۆشەیە لاکێشەیە دەبی ئەوانە بزانی، لۆوەی فیعلەن ئەگەر هاتوو ویستی موجەسەمەن خانیەکەی لەسەر دروست کا بە تەواوی فیت وفقی جەمالیەت کە جوانترین هەیئە و شکل خانیەکە دروست ببی، ئیشی موهەندیسەکەی ئا ئەو تەصەوراتانەیە، تەصورەکە لە بۆ مەراحیلی نیهائیش کە خانیەکە هەمووی فیعلەن ئیکتمال دەبی، ئەوە هەمووی ئەو هەموو حالەتە لە سفریەوە هەتا نیهائی بە تەصەور پێی دەگوترێ تەقدیر، ئەوە جوزئەکە لە سیفەتی یاخود جوزئەکە لە تەکوینی کەلیمەی خەلق، لە عەینی وەقت بە مەعنای ئیبتیداع هاتیە، ئیبتیداع یەعنی ئەصڵەن شتەکە نەبی ئیجاد بکرێ، شتەك نەبی ئیجاد بکرێ بێتە وجود، نازانم لە مەخلوقات هەمووی مەثەلەن لە بۆ زەمەن کە سعات داندرایە ئەمما زەمەن دەپیورێ، یەعنی چنیە لە تەصەورمان ئەوەی تەصەور بکەین هەمووی مەخلوقە، بلێین ماددەك عونصورەك یاخود کورەی ئەرضەکیتکە، بلێین ئەگەر تەصەور بکەین وجودی ئەو کورە ئەرضەی دی بلێین بەشەریتکەی لەسەر دەژی، ئەصڵەن ئەوە تەصەور نەکرایە هەتا ئێستا بە حقیقەت طبعەن بە خەیاڵ ئەفلام هەیە، نەبوونی ئەو شتەی و ئیبجادی ئەو شتەی ئەوە پێی دەگوترێ ئیبداع، چونکی ئەصڵەن نیە حەقیقەتەن نیە بە خەیاڵ و بە تەصەور دانەچووە ئەمما ئیجاد کردنی ئەو حالەتەی پێی دەگوترێ ئیبداع، گوتمان کابرای موهەندیس دەبی عاردەکە هەبی مەتر مورەبەعەکەی لە بۆ تەحدید بکرێ، ئەوجە بێ خریتەی لەسەر بکا کە تەقدیرەکە بوو، ئەمما ئیبداع ئەصڵەن شتەکە نەبی، فوجئەتەن ئیجاد بکرێ بێتە وجود ئەوە جوزئەکە لە مەعنای کەلیمەی خەلق، مەعنایەکی تری بە ناوی (إِنشَاء)هاتیە، ئەویش هەر بێینە سەر کاکی موهەندیس، تەصەوری کرد عاردەکەی دیت تەصەوریشی کرد، ئەو تەصەورەی ناو مێشکی هاویشتە سەر وەرەقە، وەرەقەکە بووە خریطە، وەرەقەکەی لەدەست گرت، هاتە سەر عاردەکەی بە کابرای عەمەلەی گۆ گۆتی ئەوها لێبدە حدود، ئەوە(إِنشَاء)ە، ئێرە ئەساس بی، ئێرە جێی دەرکەی بی، ئێرە جێی پەنجەرەی بی، ئەوە (إِنشَاء)ە، یەعنی تەحویلی لە حالەك نەظەری لە بۆ حالەك واقیعی، ئەوەش جوزئەکە لە مەفهومی کەلیمەی خەلق، لۆیە عەینی بە خاء و لام و قافیش لەسەر لامەکەی سکون خلق، مەعنایەك لە مەعنای خەلق درۆیە، کە رب العالمین لە قورئان فەرموویتی (تَخْلُقُونَ إِفْكاً)(العنكبوت٧)، لۆ درۆی بە خەلق دانایە؟ چونکی ئەصڵەن شتەکە نیە، حقیقەتی نیە، وە ئیبتیداعە وە دەکرێ بێتە سەر واقعیش موقابیل ئیقناع بکا، مەثەلەن سحر دەکرێ مەجموعە ئینسانەك ئیقناع ببی پێی عیلمەن حەقیقەتی نیە، دەشکرێ لە وجود دەکرێ کرانەکە چیە درۆیە، لۆیێ (تَخْلُقُونَ إِفْكاً)،، لۆیێش دەعبایەکەی حەزرەتی موسایی ئیفکی وانی خوارد، درۆی وانی خوارد، ئەوان خالیق نەبوون ساحیرەکان، درۆی وانی ئیزاحە کرد، لە قورئان کەلیمەی درۆش ئەوجە درۆیەکە فیکر بی، قصە بی، ریوایە بی، حالەك بی، شتەك بی، حادیثەك بی،

چونکی ئەصڵەن نیە شتەکە ئیبتیداع دەکریٚ، پاشان تەحویلی واقعیش دەکریٚ جەمعەك ناسیش قەناعەتی پیٚ دینی، لۆیێ ناوی لە قورئان هاتیە بە خەلق، (تَخْلُقُونَ إِفْكاً)، بەو مەعانییانە ئیجابییەکە نەك درۆییەکە بەو هەموو مەعانییانە کابرای ذات هات تەعامولی لەگەر مەخلوقات کرد، قیرائەی کرد، قیرائەی خەلقی کرد، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) ئەوەی کرد، حالەتەکی لە داخیل دروست دەبی پیٚی دەگوتریٚ خولوق، دیسان خاء و لام و قافە، ئەمما ئەو بە فەتحەیە ئەوە بە ضەممەیە، دەبتە خولوق، ئیذەن تەعامول لەگەر ئیسمی خالیقی رب العالمین کە خالیقی مەوجوداتە عەمودی وە ئەو تەعامولە عەکس بکا ئوفوقی ئاسۆیی لەگەر مەخلوقات هەمووی مومارەسە کردنی ئەو حالەتە پیٚی گوترایە خولوق، لۆیێ رب العالمین لە دووەمین سورەت بە ذاتی رسول الله دەفەرمێ: (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ)(القلم ٤)طەبعەن مەخلوقاتەکە کە پیٚغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبینیٚ بە چاوی خۆی هەمووی حەقائیقە، کە قیرائەیان دەکا بە حەقیقەت قیرائەیان، دەکا ئەو حەقیقەتە صیدقەك لە داخیلی دروست دەکا، ئەو صیدقە لە ناو فیطرەی مەوجودە، عیلاقەی عەمودی لەگەر ذاتی رب العالمین لەچ دروست دەکا کە خالیقە، کە دیٚ ئەو خیلقەتە صیدقە تەحویل دەکا لە بۆ واقیع بەبیٚ تەفەنون بەبیٚ دبلۆماسیەت دەبتە خولوق، لۆیێ کابرای موئمین بە حەقیقەت بە صیدق دائیمەن لەگەر مەخلوقات تەعامول دەکا، دائیمەن مەثەلەن لەگەر پشیلەی درۆیێ ناکا، لەگەر پشیلەش درۆیێ ناکا، لەتیفەك ڕیٚك هەیە ئیمامی بوخاری مەعلومتانە کە لە بوخارەوە صەمەر قەند دەچووە عەدەن، لە یەمەنە بەبیٚ پاسەپۆرت، چونکی لە مێشکی ئیمامی بوخاری خەتی سۆر نەبوو لەسەر خەریتە حدود، فە ئیعلان دەکریٚ ئاگادار دەکریٚ دەریٚ صەحابیەك مەوجودە لە عەدەن لە حەضرەموت حەدیسەکی پیٚیە حەدیسەکەش صەحیحە، ئەویش شەد و ڕیحال دەکا هەگبەی خۆی جەمع دەکا و بەڕیٚ دەکەوی، فیعلەن لە بوخارا لە بۆ مەنطیقەی عەدەن، کە دەگاتە مەنطیقە دەپرسی صەحابی هەیە حەدیسی لە پیٚغەمبەر لە بۆی مایە، دەڵیٚن بەڵیٚ ئەمما صەحابیەکە ماڵی لە فلان جێیە دەرەوەی نزیك شار قەراغ شار، دەچتە نزیك ماری دەچتە ماری لە دەرکەی دەدا، صەحابیەکە فولانە لە ماڵیٚیە دەڵیٚن نا والله چووە دەریٚی شار حەیوانی بەرەڵا ببوو حەیوانەکەی بینتەوە، دەچتە دەریٚی شار تەمەشا دەکا کابرایەك زەلامەك لە چۆلی راوەستایە، عارەبیش بووینە، جیزداشەی برندکردیە ئینتیزاری حەیوانەکەی دەکا، حەیوانەکەش سەبر سەبر لۆ لای دیٚ، نزیکی دەکەوی نزیکی کابرای عەرەب دەکەوی صەحابیشە کە سەلام دەکا رادەوەستی بەرامبەری هەتا کابرای عەرەب ئیشەکەی تەواو دەکا فیعلەن حەیوانەکەی دەگری، لیٚی نزیك دەبی تەمەشا دەکا ناو جیزداشەکەی کە برندی کردبوو پیٚشانی حەیوانەکەی دەدا بەتارە، دەریٚ لۆ وەت کردبوو؟ دەریٚ والله وەم کردبوو حەتا حەیوانەکە نزیك کەوی بیگرم، دەریٚ چت لە ناو دا نەنابوو لە ناو جیزداشەکە دەریٚ نەخیٚر، دەریٚ ئەوە درۆ نیە لەگەر ئەو حەیوانەی؟ مادام ئەتوو لەگەر ئەو حەیوانەی درۆت کرد موحتەمەلە لەگەر ذاتی پیٚغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) درۆ بکەی، حەدیثەکەی لیٚ وەرنەگرت، لۆ؟ چونکی ئیمامی بوخاری قەناعەتی هەیە کابرای موئمین لەگەر هەموو مەخلوقات بە حەقیقەت تەعامول دەکا بە صدق تەعامول دەکا، ئەوە معیاریتی، بە چ ئەو مەعیارە دروست دەبی؟ بە مومارەسەی ئیسمی خالقیەتی خوای لە داخیلی خۆی، ئەوجە لە زمانی عەرەبی وە لە بیئەی عەرەب ئەو کەلیمەیە بە ئەنواع ئیستیعمال کرایە، مەثەلەن یەك لەوانە تیریان هەبووە رمیان هەبووە رمح، تیر دەبی سەری تیژ بی، مودەبەب، سەری تیژ بی تیر بیننە پیٚش چاوی خۆتان زۆر جار سەری دەبی تیژ بی، ئەو وەختی لە بۆ تیژکردنی سەری تیرو سەری رمحی جوهدەکی زۆریان صەرف کردیە، ئەو جوهدە زۆر صەرف کردنە لە بۆ تیژ کردنی سەری تیرو رمحی پیٚی گوترایە خەلق، لۆ؟ چونکی جوهدەکی زۆری لەگەر صەرف کرایە، لۆوەی فیعلەن سەری تیرەکەی ئەوها تیژ ببی وە ئەوهاش بمینیٚ لۆوەی ئیشی خۆی ئەدا بکا، یاخود جلکەك زۆر لەبەر کرابا هیچ کەلکی پیٚوە نەما با پەرپووت با بە پینەو بە پەڕۆ و بەوانە هیچ کەلکی ئەوەی نەمابا چیدی لەبەر بکریٚ پیٚیان دەگۆ لیبسون مخلوق، بە کوثرەی مومارەسە، ئەوە هەمووی دەلیلی تیکرارو ئیعادەو مومارەسەیە، ها تیرەکە چەند بەبیٚ جیهاز چەند کابرای تیرەوان لەگەری مەشغول بی لۆوەی تیژی کا، جوهدو زەمەنەکی زۆری ویستیە، یا جلکەکە زەمەنەکی زۆری ویستیە ئیشی لەسەر بکریٚ کە فیعلەن ئەوها کەون ببی فرەبدریٚ بگاتە مستەوای فڕدان، ئەوە هەمووی ئیشی لەسەر

کرایە، مەفهومی کەلیمەی خەلقیش وە قیرائەی ئەوەی دەبی لە داخیلی ئینسان ئا ئەوەندە مومارەسە بکرێ و تیکرار بکرێ و ئیعادە بکرێتەوە لەگەر مەخلوقات لۆ وەی فیعلەن ئەو حالەتە لە ناو داخیلی دروست بکرێ، بەرامبەر ذاتی خالیق (جل جلالە)، ئەوە مەفهومی کەلیمەی خەلقە، دام نابوو لە خزمەتتان ئەوڕۆ سێ ئیسمی حوسنا بەحس بکەین، ئەمما ئەوە کابرایی گۆتەنی وەقتمان نما، لە بۆ نوێژ نزیك بووین، پاشی عەسریش مامۆستا جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریم لە خزمەتتان دەرسی هەیە، إن شاءالله ئەگەر عوزرم قەبول بکەن ئینتها بە دەرس دەینین، ئەگەر خوا تەوفیق بدا حەفتەی دادێ دیسان لە سەعات دوو لە خزمەتتان لەسەر ئیسمی کریم وە لەسەر ئیسمی علیم کە أکرم و (علم) یە لە خزمەتتان باسی دەکەین، گەردەنیشم ئازا کەن لە تەقصیر، (أقول قولي هذا وأستغفر الله لي و لکم سبحان ربك رب العزة عما یصفون وسلام علی المرسلین والحمد لله رب العالمین).